# پیاوێکی تەنها...



هێمن مەحمود/دەربەندیخان
Hemnm1979@yahoo.com

هەرگیز بیرت لەوە کردۆتەوە، لەلێدانە خێراکانی دڵم، لە ترپە بەرزونزمەکانی، لەرۆحم کە دەڵێ ی لەسەحرایەکی چۆڵدایە و بەدوای کەسێکی ونبودا دەگەڕێ، کەسێك ئێوارانێك بەیەکەوە لەژێر سێبەری درەختێکدا دانیشتوون و لەخۆرئاوابوونیان روانیوە.

هەمووجار باوەڕناکەم، هەمووجار بەخۆم دەڵێم درۆیە، درۆیە ئەو هەموو تەمەنە، درۆیە ئەو هەموو قسەکردن و پێکەنین وشەڕانەی بەیەکەوە دەمانکرد و هەرگیزیش لێك زویر نەدەبووین.

هەمووجار لەدڵەوە دەمەوێت باوەڕ بەوە بهێنم خۆشناوێیت، رقم لێتە، هەموو شتێك دەکەم بۆئەوەی بیرم بچیتەوە، واز لە گۆرانییە خاوەکان دێنم وخوو دەدەمە گۆرانیی خێراو هەڵپەڕکێ، پێدەکەنم، بەدەنگی بەرز پێدەکەنم، لەماڵەوە، لەبازاڕ، لە هەموو شوێنێك خۆم وەها نیشاندەدەم دڵم خۆشە، لەداخان هەرچی چیرۆکێك هەیە فڕێی دەدەم بۆ ئەوەی بەخوێندنەوەیان تۆم بیرنەکەوێتەوە، کەچی درۆ دەکەم وچەند تەنهام.

خۆم وادەردەخەم من هەرگیز کەسم خۆشناوێت، لە ئێنتەرنێتدا بەدوای ئەو کچانەدا دەگەڕێم کە ئارەزوویان سێکسە ورقیان لەخۆشەویستییە، چەند کاتژمێر چات دەکەین، دەنوسم چەندە حەزم لەلێوتانە، حەزم لەکوێ وکوێی ترتانە، چەندیش رقم لەخۆشەویستیتانە، پێدەکەنن، تێرتێر پێدەکەنین، دەنوسن، چەند درۆکانتا نمان خۆشدەوێ، چەند حەزیشمان لە بالآتانە وحەزیشمان لە...

درۆ دەکەم، درەنگانێك بەشەکەتی دێمە دەرەوە، ئای خودایە چەندە خاڵیم، خاڵیم لەهەموو شتێك، لە خۆم ولە درۆ ولە ژیان و لە شارەکەم...تەنها خۆشەویستی تۆنەبێت.

ئەمە چەند جارە بیر لەوەدەکەمەوە رۆژێك لە پێناویدا خۆم بکوژم وئیدی ببم بەئەفسانەی ئەو، یان بە تارمایی رۆحی ئەو، چەند جار دەمویست، بەیانییەك، نیوەڕۆیەك، ئێوارەیەك، شەوێك، هەرچ کاتێك لەبەردەمیدا، ئا..بەڵێ لەبەردەمیدا خۆم بکوژم و بەدەم خۆکوشتنیشەوە بڵێم بزانە چەندێك خۆشمویستی.

کەچی لەڕقدا، لەڕقی ژیانی ئەودا، تێر بەخۆم پێدەکەنم ودەڵێم گەمژە کە خۆت کوشت ئیدی دۆڕایت، دۆڕانێك بۆ ئەبەد...دەڕۆم ولەداخانا بەدوای ئەو کەنالآنەدا دەگەڕێم کە هەندێك ئارەزووەکانی رۆحم دادەمرکێنێتەوە و دەخەوم، بەڵام هەر دڵم لەلاتە.

هیچ کاتێك چاوەڕوانی روداوێکی وەها نەبووم، منێك ساڵانێکی درێژم لەزینداندا بردبێتە سەر وهیچ کەس هەواڵم نەزانێت، بەیانییەکی زوو چەکدارێك بێتە بەردەرگای ژوورەکەم وبڵێت هەستە ئازادکرایت، ئاشتییە، ئاشتی، ئایا لەمانای ئاشتی تێدەگەیت.

هەر بەو بەیانییە زووە، بەخۆم وریشێکی درێژ وقژێکی هاتووەوە، بەخۆم جانتا کۆنەکەی شانمەوە سواری ئۆتۆمبیلێکیان کردم لەسەر سنوور دایانبەزاندم، خودایە..چ خۆرەتاوێکی گەرمبوو، گۆناکانم دەکزانەوە وهەستم بەژیان کرد، کەس نەهاتبوو بۆ پێشوازیم، لەناو خۆڵەکەدا دانیشتم تاوەکو سواری ئۆتۆمبیلێکی خۆمانیان کردم، بۆ کوێ، بۆماڵەوە.

کە گیرام، مانگێك بوو ژنم هێنابوو، ساڵانێکی درێژ بەڕاڕەوی کۆلیژەکەدا پیاسەمان کردبوو، شیعرم لەسەر دەفتەرەکانی نوسیبوو، بەیەکەوە گوێمان لەگۆرانی راگرتبوو، هاوڕێکانم هەموویان پێیان دەوتین دووانەیەکی چاکن، داهاتوویەکی خۆش.

راستییەکەی من بیرم لەداهاتوو نەکردبووەوە، چونکە کە ئەوم لەگەڵ دەبوو ئیدی بیرم ئیشی نەدەکرد، تەنها ئەو بەسبوو، ئەو داهاتوو رابردووی من بوو، من کێم هەبوو جگە لەئەو.

رۆژێکیان پێیان وتین دەوام تەواو، ئیدی من دەبوو بیر لەداهاتوو بکەمەوە، لەژێر دارە تاقانەکەی کۆلیژدا دانیشتین، پێی وتم من بۆ تۆ دەبم، هەموو شتێك لەبیر بکە مادام یەکتریمان خۆشبوێت ژیان لەگەڵماندایە، پێمووت :دەبێت بە ئارەزووی دڵی خۆمان بکەین، دەبێت تۆ هی من بیت، هی من....ئێستاش کە بیر لەو ووشەیە دەکەمەوە شەرم دامدەگرێ، ئاخر نەك هەر هی من نەبوو، بەڵکو بۆ ئەبەد ژیانی منیشی کوشت.

چەند رۆژ دواتر ئەڵقەم کردە دەستی، هاورێکانمان زۆر ماندوو بوون، تێر هەڵپەڕین ودواتر بەدەستی خاڵی گەڕانەوە، پێکەنین، وێنەمان گرت، بەزەردەخەنەیکی کوشندەوە لەکامێراکە دەڕوانیٚ و منیش لەشەرما ئەڵقەکە دەکەمە دەستی.

ئەو رۆژەش کە گواستمەوە دونیا بەفربوو، هەموو ژیان رەنگێکی سپی پۆشیبوو، رۆژێکی سەیربوو، هەستم بەتەنیاییەکی قوڵدەکرد، ئەوانەی کە ئامادەبووبوون بەسەیرکردنەکانیان هێندەی تر شەرمەزارییان دەکردین، کە رۆیشتیشن و تەنهاماینەوە، هەموو دونیا سپی بوو جگە لە رۆحی ئێمە ،کە تنۆك تنۆك خوێنی لێدەچۆڕا.

ئایا هەستم پێدەکەیت؟هەست بەهەناسەکانم، هەست بەگۆرانییەکانی رۆحم، ئەو گۆرانییانەی دەڵێی رێبوارێك کە لە قافڵەکەی خۆی دابڕاوە لەترسان بەدەم رێگاوە دەیڵێت.

ئایا هەستم پێدەکەیت؟وەك من بەردەوام هەستت پێدەکەم.

دەبوو برۆم، دەبوو لەمانگێك زیاتر لای نەبم، دەبوو دونیا بوەستێ تا من دێمەوە، کەچی نەوەستا، دەبوو من سەلامەت بم تا دەهاتمەوە، کەچی سەلامەت نەبووم، دەبوو دیل نەکرێم، دەبوو کە دیلیش کرام چەند ساڵێك زیندانی نەبم، دەبوو من لەمسەری دونیا نەبم وئەویش لەوسەر بۆ ئەوەی ئاگامان لەیەکبێ، دەبوو هەر تەنها یەکجار سەردانی کردبام و پێ بوتمایە هەروەك جاران خۆشم دەوێیت، هەروەك جاران تۆ ژیانی منی، کەچی هیچی نەوت.

کە هاتمەوە دوای ساڵانێکی درێژبوو، بەئاستەم ماڵی خۆمانم دۆزییەوە، من چاوەڕوانبووم لەدەرگا نەدەم، بە ئاستەم دەرگاکە بکەمەوە وخۆم بکەمە ژوورا ،لە حەوشەکەدا دایکم و ئەو باوەشم بۆ بکەنەوە وتووند لە ئامێزم بگرن، تێر ماچم کەن وتێر ماچییان کەم، بڵێم ئەوە منم هاتمەوە، کوڕەکەتان ،ئا...زاواکەتان...

کەچی دەرگاکە داخرابوو، ئیدی من دڵم وەستا.

مندالێكی بچكۆلانە پێمدەڵێت:
ببـورە ئێـرە ئـەو ماڵـە نییـە، باوكی منداڵەكـە لەحەوشـەكەوە هاواردەكـات كێیـە... بابێتـە ژوورەوە..دەرۆمـە ژوورەوە..باوەڕناكەم ...نە باخچە بچكۆلانەكە ماوە و نەتاقە بیرەكەش...كە دەمبینێـت لەشـوێنی خۆیـدا ووشـك دەبێت، وەك وشكبونی درەختێك بۆ ئەبەد.
باوەڕناكەم...ئامۆزاكەم ..كە من جێمهێشت لەناوەندی بوو...باوەش دەكەین بەیەكدا و دەگرین..گریانێك كە ئیدی فرمێسكی ئەو هەموو ساڵەم پیٚ دەرێژێت ،باوەڕ بە هیچ شتێك ناكەم، نە باوەڕ بەخۆم و نە بـاوەڕ بـە ژیان، هـەموو ئەوانە درۆبوون، درۆیەكی گەورە دەبێت دڵی خۆم خۆشبكەم، دەبێت بەدوای ژنێكی دیكەدا بگەڕێم، ژیان هەر تەنها بۆ یەك كەس نییە، پێدەكەنم بەدەنگی بەرز، بەڵام لەرۆحەوە بریندارم، جلی جوان وتازە لەبەردەكەم، بەڵام لەناوەوە داڕزاوم...بەخۆم دەڵێم بیٚ ئەقڵییە دوای ئەو هەموو ساڵە بیركردنەوە لە ئەو، گێلێتییە دوای ئـەو هـەموو تەمەنـە مردن بۆ ئەو، كەچی لە پڕێكا بیٚ ئاگا، وەك ئەوەی بوركانێك لەناو ناخمـدا چـەندین سـاڵ كۆبوبێتـەوە دەتـەقیٚ ،بوركانێكی ئاگراوی وكوشندە، دەمهێنێتەوە بۆلای تۆ.
چەند ساڵ دوای من دایكم ئۆتۆمبیلێك لیٚی
دەدات و دەیكوژێت، ژنەكەشم پاش ئەوەی نائومێد دەبێت لە من شوو بەیەكێكی دیكە دەكات و ئیـدی ئـەو ماڵـە بـۆ هەتا هەتایە چۆڵدەبیٚ..
گریام..زۆرگریام..
خودایـە نەمـدەزانی چـیبكەم، گەڕانەوە بـۆ كەلاوەیـەكی چـۆڵ ..گەڕانـەوە بـۆ ژیـانێكی كـەلاوە..نەڕۆشـتمە دەرەوە. پێشوازیم لەكەس نەكرد وبە تاق وتەنها لەژورێكا ژیام..
ساڵانێكی دیكە ژیام..ژیانێكی كوشندە...ئایا تۆ بەمە دەزانی؟
بەیانییەك بڕیارمدا بڕۆمە دەرەوە، خـۆم جـوان بكـەم و، هـەموو رابـردوو لەبیربكـەم، وەكو خـەڵكی ژیـانی خـۆم بژیم، هاوڕێكانی كۆنم دۆزییەوە و دەستمكردەوە بەژیان، هەموو كـات خۆشمدەوێت، سـەرەڕای تێپـەڕبونی هـەموو زەمەنەكانیش، شەوان لەدڵی خۆمدا دەڵـێم تـاوانی تـۆ نـەبوو، تاوانی منـیش نـەبوو، دەبوو دونیـا بـەو شـێوەیە بووایە، دەبوو من وتۆ یەكتریمان خۆشنەویستبایە، ئەو هەموو یادەوەرییەشمان نەبوایە، ئەوەتا ئێوارەیەك لەبەردەم چاخانەكەدا لەگەڵ منداڵەكەتا دەڕۆیت، پیاوەكەشت لەناو ئۆتۆمبیلەكەدا چاوەڕوانتە، من دڵـم دەگوشریٚ، بەرچـاوم رەشـــــدەبێت، دەمەوێت ســــــەیرت نەكەم، كەچـــــی بەدەســـــــت خـــــــۆم نییـــــــە حـــــــەزم لەرۆشتنەكانتە، لەشەرمەكانت، لە پێكەنینەكانت، ئایا تۆ هەست بەمن دەكەیت؟
هەستم پێدەكەیت كەچۆن رۆحی من بەدواتا وێڵە؟
ئێستاش كە تازە لەچاتی كچە درۆزنـەكان هاتومەتـەوە چـەندێك بیرتدەكـەم وچـەندێكیش خۆشـم دەوێیت، كـە هەمووجار پێشم دەووتی خۆشەویستییەك تاكۆتایی دونیا.
سەرەتای زستانی 2006